# "نا" بۆ دەستور

هیدایەت مەلا عەلی
2005/10/11

بۆچی نا بۆ دەستور ؟ ئەگەر بۆ چەند ساتێک لە نێوان ئەگەرەکانی باشتر بوون , یان خراپتر بوونی هەلومەرجی کۆمەلایەتی , سیاسی, بژێوی , ئارامی , ئازادییەکانی خەلکی کوردوستان و عێراق ڕابووەستین و بە تەنها سەیری پرۆژە و ڕاگەیاندنەکانی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد و , دەستەوتاقمە ئیسلامیەکانی پێکهێنەری حکوومەت و نووسەرەوەی دەستور بکەین, ئەوا بە چەند ڕاستیەکی حاشا هەلنەگەر دەگەین , کە دژە ئینسانی بوون و قفلْ لێدانی ئەم دەستورە نیشان دەدات , لە هەموو مافە فەردی و مەدەنییەکانی خەلک , بە خاک سپاردنی هەموو بەها جوانەکانی ژیان و ئومێدبوون بە دنیایەکی باشتر .

ئەوەی لە ڕاگەیاندن و سیاسەتی ڕۆژانەی ئەم پێکهێنەرانەی ڕۆژی ڕەش و سیناریۆی ڕەشدا دەبینرێت , هیچ نییە بێجگە لە نمایش کردنەوەی ڕابووردو , نیشاندانی ڕابووردوو بووە بە بەشێکی سەرەکی لە ڕاگەیاندن و فریوکاری لە لایەن ئەم تاقمانەوە , گۆرانی, سرود, دراما, بەرنامەی تەلەفزیۆن, قسەی سەرکردەکان , مانشێتی گۆڤار و بلاوکراوەکان , شیعر و پەخشان و خەلک هەلنان , تەواوی ئەم کارانە بۆ ئەوەیە بە ڕابووردو خەلکی کوردوستان و عێراق بۆ داهاتوو دەستە مۆ بکەن .

ئەم دەستەوتاقمانە چونکە پرۆژەیەکیان پێ نییە لانی کەمی ژیانی خەلک و ئارەزوە ئینسانیەکانیان وەلام بداتەوە , خەریکن بە ئازارە بە سوێکانی پێشوو خەلکی لە گەلْ قۆناغێکی تر لە چەوساندنەوەو کیمیاباران و ئەنفال ڕادەهێنن , ئەمانە ناتوانن بەلێنی جوان کردنی ژیانی سبەینێ بە خەلک بدەن , بۆیە خەلک بە دوێنێ دەترسێنن , بڕیار نییە خەلکی کوردوستان وعێراق 35 سالْ لە دۆزەخی بەعسدا بوون ئێستاش هەمان ژیان چارەنووسیان بێت , بڕیار نییە هەمیشە خەلک بەچالە خەلۆزەکانی بەعس بترسێنرێت بۆ ئەوەی دەستوری ئیسلامی و قەومی قبولْ بکات,خەلکی کوردوستان وعێراق شایەنی ئەم ژیان و دەستورە نین چونکە تەواو نا ئینسانی و دواکەوتووە . ئەم دەستەوتاقمانە دەیانەوێت بەم دەستورە لانی کەم هەلومەرجێک کە ئێستا هەیە جێگەی بخەنو بیکەنە یاسا,تا لەئاستی سەراسەریدا هەر لایەکو بەشی خۆی بەرێت , هێشتنەوە یان خراپتربوونی ژیانی خەلکی کوردوستان وعێراق وەک ئێستا , بە مانای درێژ کردنەوەی بێمافی و دۆزەخێک کە ڕۆژانە بۆ جەماوەری خەلک گەرم دەکرێت . کوشتن , فەسادی ئیداری , دزی و شاردنەوەی سەدان هەزار دۆلار, سەرکووت , نەبوونی ئاو , کارەبا , دەرمان , خوێندنگا , خزمەت گوزاری , ئەمنیەت , ئازادی , جێکەوتنی ئەم دەستورە و دەنگدان بەم دەستورە لانی کەم برەو دانە بە بەردەوام بوونی ئەو بێمافیانە. ئەم دەستورە دوو گیانە بە شەڕو پێکدادانێکەوە زۆری نەماوە لە دایک بێت و بە شمشێری تایفی و قەومی و عەشیرەتی خەلک بەر بدەن گیانی یەک و , قەسابخانەکانی مێژوو دووبارە بکەنەوە , ئەم دەستورە نموونەی دوواکەوتوانەترین دەستورەو ئەوەی جێگای نەبۆتەوە تێیدا ئینسان و مافەکانیەتی , ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد بە توند کردنەوەی دەمارگیری قەومی دەیەوێت بە خەلکی کوردوستان بلێت مافەکانت لەم دەستورەدا جێگیر کراوە , بەلام ئەوەی جێگیر کراوە بەش و شەراکەتی دەسەلاتی ئەحزابی قەومی کوردە نەک چارەنووس و بڕیاری ژیانێکی ئاسودە و خۆشگوزەران بۆ خەلکی کوردوستان .

دەستەوتاقمی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریستیش بە توند کردنەوەی گوریسی ڕەشمالی ڕەشی حاکمیەتیان خەریکن ڕۆژانە ژەهراوی فریوکاری و خۆلْ کردنە چاوی خەلک دەرێژن و , وا نیشان دەدەن دەسەلاتی ئەوان بە مانای نەمانی زولم و زۆرە , لە کاتێکدا لەسەر دەستی ئەم فریوکارانەی کە خۆیان بە نوێنەری خەلکی ناوەڕاست و خوارو دەزانن , تەنها لە شاری سەماوە 100 کەسیان کوشت و بریندار کرد تەنها لەبەر ئەوەی داوای ئاو کارەبایان کردبوو , وەک کەلار و شارەکانی تری کوردوستان .

ئەم دەستورە وەلامی سەرەتایترین ماف و داخوازیەکانی خەلکی کوردوستان و عێراق ناداتەوە , بۆیە "نا " باشترین وەلامە و پڕ بە پێستەکەیەتی .